# هۆکارەکانی
# زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق

---

ئامادەکردنی

**مامۆستا محمد عبدالرحمن**

---

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

## * پێشەكی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**خوێنەری بەڕێز** : لەم نامیلكەیە دا بە كورتی باسی گرنگترین ئەو خاڵانە دەكەین كە هۆكارن بۆ زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق ، چونكە بەڕاستی یەكێك لەو كێشە و دیاردە خراپانەی كە ئێستا لە نێو خەڵكی زۆر بووە كێشەی تەڵاق و جیابونەوەی ژن و مێردە و تێكچونی شیرازەی خێزانە كە بەڕاستی مەسەلەی تەڵاق ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ .

# هۆکارەکانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق

پاش بیرکردنەوە و پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هەندێ برای بەڕێز کە لە دادگاکاندا کار دەکەن و لەناو کرۆکی کێشە خێزانی یەکاندان، گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە هۆکارن بۆ دروست بوونی تەڵاق؛:

## هۆکاری یەکەم : دووری ژن و مێرد لە ڕێنماییەکانی ئیسلام

گەورەترین هۆکار دوورییە لە ڕێنماییەکانی ئیسلام، نە پیاو و نەژن پابەند نین بە ئەحکامەکانی شەریعەتەوە هەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەوە تا دەگاتە تەڵاقدان و جیابونەوە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە پیاوان دەفەرمووێ " تُنكَحُ المرأةُ لأربعٍ: لمالِها ولحسَبِها ولجَمالِها ولدينِها، فاظْفَرْ بذاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يداك " پیاوان لەبەر چوار هۆکار ژنێك مارە دەکەن، یانی گەنجێك ئەم چوار هۆکارە پاڵنەرن بۆ ئەوەی کچێك مارە بکات "لجمالِها" یان لەبەر جوانی ئەو کچەی هەڵبژاردووە، " لمالِها " یان لەبەر ئەوەیە خاوەن پارەیە و موچە وەردەگرێت، "لحسَبِها" یان لەبەر ناوداری و بنەماڵەکەیەتی، " ولدينِها " یان لەبەر دینەکەیەتی.

یەكەم هۆكار دووری كچان و كوڕانە لە ڕێنماییەكانی ئیسلام لەبەر ئەمەیە پیاو ئافرەتێك هەڵدەبژێرێت كە جوان بێت بۆیە پرۆسەكە سەركەوتوو نابێت! بە تایبەت (الجمال المزیف) زۆربەی ئەو جوانییانەی كە ئێستا گەنجان پێی هەڵدەخەڵەتێن ڕوی ڕاستی ئافرەتەكە نییە بەڵكو بە مكیاج وای لە خۆی كردووە و بووە بە ئافرەتێكی تر! ئەگینا ئەو ئافرەتانەی ئێستا لە دەرەوە دەبینرێن ئەو ئافرەتانە نین كە لەماڵەوەن.

وە هەندێ ئافرەت لە بەر پارە هەڵدەبژێرێن، ئەگەر ئافرەت پارەی خۆی هەبوو وە حسابی بۆ پیاوەكەی نەكرد و خۆی حوكم بكات لە ماڵەوە ئەوا پیاو نیوەی پیاوەتی لەدەست دەدات (لەگەڵ ڕێزماندا)

یان هەندێ لە گەنجان كچێك هەڵدەبژێرێ لەبەر ئەوەی كچی فلاَن كەس و لە فلاَن بنەماڵەیە، یان لەبەر ئەوەی خاوەن بڕوانامەیە، ... هتد. بە داخەوە هیچكام لەو هۆكارانە (جوانی، پارە و ماڵی دونیا، بنەماڵە) ڕاست و ڕەسەن نین! ئەو هۆكارانە سێبەرێكن و كۆتاییان پێ دێت.

" ولدينِها " كەسانێك هەن بەدوای كچی بە دیندا دەگەڕێن، كوڕەكە داوای كچێكی دیندار دەكات و باوك و دایكشی بە شوێن كچێكی دینداردا دەگەڕێن بۆ كوڕەكەیان.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ " فاظْفَرْ بذاتِ الدِّينِ " كچی دیندار هەڵبژێرە. چونكە زەرەر لەو هاوسەرگیرییە ناكەیت.

هەروەها بۆ ئافرەتانیش " إذا جاءَكُم مَن تَرضَونَ دينَه وخُلُقَه فأنكِحوهُ " هەر كوڕێك هات بۆ داوای ژن لێتان ئەگەر دیندار و خاوەن ڕەوشت بوو ئەوا ژنی بدەنێ.(خاوەن دین و أخلاق)

خەڵكی وا هەیە دیندارە بەڵام خاوەن ڕەوشت نییە ! چۆن؟!

نوێژ دەكات، ڕۆژو دەگرێ، ...هتد، بەڵام هەڵسوكەوتی ڕەسەن و جوان و پاك نییە بەوەی كەوا درۆ دەكات، ڕەزیلە، خیانەت دەكات، چاو لەدەشتە ، یان بە پێچەوانەوە كەسی وا هەیە خاوەن ڕەوشتە بەڵام نوێژ ناكات .

**كەواتە یەكێك لە هۆكارەكانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق پابەند نەبوونە بە دینی ئیسلامەوە** هەر لە یەكەم ڕۆژی پرۆسەكەوە كە هەڵبژاردنە، وە لە یەكەم ڕۆژی مارەبڕینەكە و ڕۆژی گواستنەوەدا كە ئەو هەمووە ناشەرعی یەی تێدا دەكرێت وەكو تیپ و مۆسیقا وتێكەڵاوی و هەڵپەڕكێ و گۆرانی و وێنەكردن و نەزركردن ... كە لای هەموان ڕونە چی ناشەرعی یەك لەو ڕۆژەدا ئەنجام دەدرێت بەو هۆیەوە خوای گەورە سزایان دەدات! وە ئەمانە هۆكارن بۆ زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق چونكە هەڵبژاردنەكە هەڵەیە، یەكەم ڕۆژی مارەبرین هەڵەیە، یەكەم ڕۆژی گواستنەوە هەڵەیە هیچ پاپەند بونێكی بەدینەوە تێدا نییە بۆیە ڕێژەی تەڵاق زۆر دەبێ

## هۆكاری دووەم : ( خیانەتی زەوجی )

پیاوان سەرەڕای هەبوونی خێزان پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئافرەتی تردا و تا دەگاتە ئەنجامدانی (زینا)و كەشف دەبێ و خێزانەكەی داوای جیابوونەوەی لێدەكات! یان بە پێچەوانەوە ئافرەت خەریكی كاری بەدڕەوشتی دەبێت!

بۆیە وانەزانن ئافرەتانی خاوەن مێرد خەریكی زینا نابن بێگومان بن ئەوانیش كاری لەو شێوەیە دەكەن.

ئەو پیاوانەی كە خەریكی كاری لەوجۆرەن بەردەوام گومانی خراپ دەبەن بە خێزانەكانیان،

وەك ڕون و ئاشكرایە لای هەموان كە لەسەردەمی ئێستادا تەلەفۆن و هاوشێوەكانی ڕێگای ئەنجامدانی خراپە و خراپەكاری زۆر ئاسان كردووە بە هۆی ئەم هۆكارەوە پیاوان بەردەوام لەگەڵ كچ و ژنی خەڵكی دا لە پەیوەندیدان و خێزانەكانی خۆیان لەبەرچاو دەكەوێ چونكە هەر ڕۆژەی لەگەڵ ئافرەتێكدایە !

* * * * *

## هۆكاری سێ یەم : كەم تەمەنی و دانەمەزاری كچ و كوڕ لە ڕوی عەقڵ و تێگەیشتنەوە

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق كەم تەمەنی و دانەمەزاری كچ و كوڕ لە ڕوی عەقڵ و بیركردنەوە و تێگەشتنەوە و زاڵ بونی شەهوەت و ئارەزو .

ڕۆژانە دنیایەك تێكەڵاوی لە كوڕ و كچ دەبینێ چی لە ژیانی ڕۆژانەیدا یان لە سەتەلایت و مۆبایلكەیدا تا وای لێدێ زەوق و شەهوەتی فول دەبێ! زواج دەكەن پاشان جیا دەبنەوە چونكە ئەساسی زەواجەكەیان بۆ دروست كردنی ماڵ و منداڵ نەبوە

ئەگەر كچ وكوڕێك كە دامەزراو و تێگەشتوون بون و ئاگای ماڵ و منداڵ بزانن زۆر گرنگە لەم ڕۆژگارەدا كە پڕ بوە لە خراپە زو زواج بكەن بەڵام كە زواجكردنیان بۆ دروست كردنی ماڵێكی ئارام و دوور كەوتنەوە لە خراپە و تاوان نەبوو ئەوا نەكرێ باشترە چونكە كوڕ و كچێك بیركردنەوە و تێگەشتنی نەبێت بۆ ژیانی هاوسەرێتی و تەنها بۆ تێركردنی ئارەزووی بێ ئەوا هەر كە هاوسەرگیری كرد و شەهوەتی دامركایەوە ! ناتوانن بەردەوام بن چونكە ئەساسی ئەم زواجە بۆ دروست كردنی ماڵ و منداڵ نەبووە

یان ئەو **عیشق و عیشقبازییەی ئێستا پەرەی سەندووە** لە قوتابخانەكان و پەیمانگا و زانكۆكان هەر هاوسەرگیرییەكی لێ بەرهەم بێت فاشلە ئیلا مەگەر دانە دانەیەكی خوا ڕەحم بكات ئەگینا دەرئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە فەشەلە لەبەر ئەوەی بە ناپاكی دەستی پێكردووە !

## هۆكاری چوارەم: نەبوونی ( مەوەدە و ڕەحمە ) لە نێوان ژن و مێرددا

ئەگەر دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەی لەنێوان ژن و مێرددا نەبوو سەر ئەنجامی تەڵاق و جیابونەوە دەبێت، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا﴾ یەكێك لە نیشانەكانی دەسەڵاتی خوا ئەوەیە كە لە خودی خۆتان خێزانی بۆ دروست كردون، بۆ؟ ﴿لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا﴾ بۆ ئەوەی لە پاڵیا ئارام بگرن.

بۆیە پێویستە ئافرەت ببێتە هۆكاری ئارامی و حەوانەوەی مێردەكەی نەك لەكاتی گەڕانەوەی پیاوی ماندو بۆ ماڵەوە ژن سەرقاڵی فلم و تەلەفۆن و ... هتد بێت! پیاو لەپاڵ ئەم جۆرە ئافرەتەدا ناحەوێتەوە بۆیە ئاژاوە دروست دەبێت!

یان جەنابی ئەوەندە لە دەرەوە لەگەڵ ئەم و ئەو زەم و غەیبەتی كردووە كە مێردەكەی دێتەوە تاقەتی نییە بە دەمیەوە بچێت و ئاسودەی پێ ببەخشێت!

یان بە پێچەوانەوە پیاو لە دەروە و لەسەر كار و دەوامی ئەوەندە لەگەڵ ئافرەتانی هاوپیشەیدا قسەی كردووە كە دەگاتە ماڵەوە هیچی پێ نییە و تاقەتی خێزانەكەی خۆی نییە! بۆیە تێگیران و شەڕ ڕودەدات

. ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ خوا دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڕەحم و بەزەی خستۆتە نێوان ژن و مێردەوە.

ئەگەر ئەم دۆستایەتی و خۆشەویستی یە نەما بەردەوام شەڕ و ئاژاوەیە تا دەگاتە تەڵاق و جیابونەوە. پێویستە نێوان ژن و مێرد ﴿مَوَدَّةً﴾ خۆشەویستی تێدا بێت.

بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ: " تَزوَّجوا الوَدُودَ الولودَ " ئافرەتێك مارە بكە ڕوخۆش بێت و خۆشەویستی تێدا بێت.

وە پێویستە ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ژن و مێردا هەبێت، خۆشەویستی هەبێت، لێبوردن و چاوپۆشی هەبێت، نابێت ڕق و كینە هەبێت چونكە تەڵاق و جیابونەوەی لێدەكەوێتەوە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ " با پیاوێكی ئیماندار ڕق لە خێزانە ئیمانداركەی هەڵنەگرێت، ڕق و كینەی نەبێت بەرامبەری، ئەگەر ڕەوشتێكی ناشرینت لێ بینی وورد بەرەوە چەندین ڕەوشتی جوانیش بەدی دەكەیت ئەگەر بەم شێوەیە بن پێكەوە دەسازێن ئەگەر نا كێشەكان سەر دەكێشن بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

* * * * * *

## هۆكاری پێنجەم: خۆهەڵقورتانە ناو ژیانی ژن و مێرد لە لایەن كەسانی دەوروبەرەوە

یەكێكی تر لە هۆكارەكان بریتی یە لە خۆهەڵقورتانە ناو ژیانی ژن و مێرد لە لایەن كەسانی دەوروبەرەوە بەتایبەت دایكی كوڕ كە دەكاتە خەسوی كچ و دایكی كچ كە دەكاتە خەسوی كوڕ! چەندین جار كێشە دروست دەبێت بە هۆی ئەم دووكەسەوە.

**بۆیە لێرەوە پێتان دەڵێم**: هەر دایكێك دەیەوێ كچەكەی خۆشبەخت و بەختەوەر بكات ئەوا پشتگیری زاواكەی بكات، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا باش بزانێت بەرلەوەی زاواكەی سەربڕێت كچەكەی خۆی بە دەستی خۆی سەردەبڕێت!

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەفەرموێت: : (ابليس) عرش و جێگاكەی لەسەر ئاو دا ئەنێت واتە (لەسەر بحرو دەریاكانە) پاشان هەموو دەستە و پێوەندەكانی ئەنێرێ بەسەر زەویدا و بڵاوەیان پی دەكات بۆ خراپەكاری ، نزكترین كەسیان لێ یەوە ئەوەیە كەخراپەی زۆر و گەورە بكات ، یەكێكیان دێت ، ئەڵێت : ئەم خراپەم پێكرد و ئەو خراپەم پێكرد ( ابلیسیش) دەڵێت هیچت نەكردوە ، ئەفەرمێت: یەكێكی تریان دێت و دەڵێت : وازم لە پیاوێك نەهێنا تاوەكو جیاوازیم نەخستە نێوان خۆی و ژنەكەیەوە و ڕێز و خۆشەویستیم لە نێواندا نەهێشت تا ( تەلاقیدا)، ابلیس: نزیكی دەكاتەوە لەخۆی و دەڵێت : تۆ باشترین كەسی .

**كەواتە: شەیتانەكان لەو هەوڵەدان بۆجیاكردنەوەی ژن لە پیاو چونكە تەڵاق مەفسەدە و خراپەی زۆری لیَ دەبێتەوە لەوانە :**

١- ئەو ژن ومێردە ئیتر لەیەك جیا دەبنەوە و هیچ نەوە و منداڵێك ناخەوە .

٢- ئەگەر منداڵیان بیَ ئەوا منداڵەكان بیَ ناز و بیَ پەروەردە دەبن .

٣- ئەو ژن و پیاوە ڕەنگە توشی خراپەكاری و زینا بێن .

٤- ڕق و كینە و دوبەرەكی دەكەوێتە نێوان ماڵی پیاوەكە و ژنەكەی

**هۆكاری شەشەم : لاوازی جنسی لە لایەن پیاو یان لای ئافرەت .**

هۆكارێكی تر (الضعف الجنس لدى الزوجین) لاوازی جنسی لە لایەن پیاو یان لای ئافرەت، ئەمەش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە سەردەكێشیَ بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

پیاوێك ناوتوانێت مافی خێزانەكەی بدات لە ڕوی جنسی یەوە یان ئافرەتێك ناتوانێت مافی مێردەكەی بدات، ئەم حاڵەتەش هەریەكە و هۆكاری خۆی هەیە و چارەسەریشی بۆ دانراوە .

## هۆكاری حەوتەم: ڕێگە گرتن لە فرەژنی تەڵاق و جیابونەوەی بەدواوە دێت

یەكێكی تر لە هۆكارەكان بریتی یە لە ڕێگە گرتن لە فرەژنی تەڵاق و جیابونەوەی بەدواوە دێت چونكە زۆرێك لە ئافرەتان بە مێردەكانیان دەڵێن ئەگەر ژنی تر دەهێنی دەبێت من تەڵاق بدەیت! بۆ تەڵاقی بدات؟! لە كاتێكدا بە جیابونەوە و تەڵاق دان ماڵ و منداڵی دەشێوێت! دیاردەی بێوەژنداری زۆر دەبێت! كچی گەورە زۆر دەمێنێتەوە! لەم حاڵەتەدا ئەو بێوەژن و كچە گەورانە چی بكەن؟! چونكە ئەگەر هاوسەرگیری دووەم و سێ یەم نەبێت خۆ گەنجەكان بێوەژن و گەورە كچ مارە ناكەن!

**كەواتە** ئەم بێوەژن و گەورەكچانە بۆ تێركردنی ئەو غەریزە جنسییەی كە باسمان كرد بڕۆن (زینا) بكەن؟!

بێگومان نەخێر!

ئایا دەبێت تا كۆتای تەمەن شونەكەن و نەبنە خاوەن مێرد و منداڵ؟!

ئەمیش نەخێر!

ئەی دەبێت شو بە پیاوێكی خاوەن ژن بكەن؟!

ئەمیش نەخێر! ئەی چی؟!

ئەی كوا مافی ئافرەت؟!

دەستەبەركردنی مافی ئافرەت لەو سێ خاڵەدا دەبێت كەواتە كێ چارەسەری چوارەمی پێ یە با باسی بكات....

* ئیسلام چارەسەری فرەژنی داناوە.

* شوێنەكردن هەتا مرد پێشێل كردنی مافی ئافرەتە.

* زینا و بەدڕەوشتی و ڕێگای حەرام گرتنەبەر بۆ دونیا و بۆ قیامەتیش زەرەرە.

كە پیاوێك دەڵێ دەمەوێ ژن بێنم خانمی یەكەم ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ دەبێت لە من جیاببیتەوە پاشان ژنێكی تر بێنیت! لە كاتێكدا پیاوی وا هەیە تاقەتی ژنی یەكەمی نەماوە جا لەبەر ئەوەی ڕێگە بگیرێ لە جیابونەوە و تەڵاق با پیاو ژنێكی تر بێنێت، چی تێدایە خۆ ژن ناخوات.

* * * * * *

## هۆكاری هەشتەم: بەجێ نەهێنانی حەق و مافی ژن و مێردایەتی

پیاو ناتوانێت حەقی خێزانەكەی بدات و خێزانیش ناتوانێت حەقی مێردەكەی بدات، ئەم هۆكارە زیاتر پەیوەستە بە پیاوانەوە چونكە ئەوەندەی نییە كە بتوانێ بژێوی ژیانی خێزان و منداڵەكانی دابین بكات، ناتوانێت خانویەكی گونجاوی بۆ دابین بكات، ژن ئەگەر جلێكی باشی نەبێت لەبەری بكات، خواردنێكی باشی نەبێت دەرخواردی منداڵەكانی بدات، خانویەكی نەبێت بە ئازادی تیایدا بحەسێتەوە ناچار دەبێت داوای تەڵاق و جیابونەوە بكات بەتایبەتی ئەوانەی كە ماڵی جیایان بۆ ناكرێت كە لەم سەردەمەدا جیانەكردنەوەی ماڵ گەورەترین هۆكارە بۆ تەڵاق و جیابونەوە چونكە ماڵی جیای بۆ ناكرێت دەیبات دەیخاتە ژورێكەوە و هەموو ئازادییەكی لێ زەوت دەكات بەتایبەت ئەو پیاوانەی كە كەم دەستن یان خوێندكارن، ئەم ئافرەتەش تەماشای دەوروبەری خۆی دەكات خوشكی و ئامۆزای و خاڵۆزای و هتد هەموان شویان كردووە و لە ژیانێكی خۆشدا دەژین كەچی ئەم ناتوانێ وەك ئەوان بژی ناچار داوای جیابونەوە و تەڵاق دەكات!.

* * * * * *

## هۆكاری نۆیەم : هاوسەرگیری كردن و ڕێكەوتن لە دەرەوەی خێزان

كوڕ و كچی واهەیە لە دەرەوەی خێزان هەموو شتێكیان كردووە كە تەنها ئیمزا كردن بۆ خێزانەكانیان ماوەتەوە! هەموو شتێكی لەگەڵ بڕیوەتەوە چونكە دەیان جار لەگەڵیدا دەرچووە ئەگەر زیناشی لەگەڵ نەكردبێت! كە دەگاتە كۆتای خێزانێك لەو دوو خێزانە بەوی تر ڕازی نییە و سەردەكێشێ بۆ نانەوەی كێشە و ئاژاوە.

باوك و دایكیش لەم جۆرە حاڵەتانەدا دەستەوسان دەوەستن نازانن چی بكەن، چونكە ئەگەر ڕێگە لە كچەكەیان بگرن ئەوكات خۆی دەسوتێنێت و دەبێتە تانەیەك بە ناوچاوانیانەوە!

بۆیە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ: " لم يُرَ للمُتحابَّينِ مثلُ النكاحِ" ئەگەر كوڕ و كچێك عاشقی یەك بوون هیچ چارەسەرێكیان بۆ باش نییە وەك هاوسەرگیری (كەواتە باشترین چارەسەر بۆ كوڕ و كچە عاشقەكان ئەنجامدانی هاوسەرگیری یە) یان ئەوەیە لە سەرەتاوە بە دانای ڕێگری بكەن لە عاشق بوونی كوڕ و كچەكانتان یان ئەگەر عاشق بوون ڕێگری هاوسەرگیرییان لێ مەكەن، چونكە ئەگەر بە ڕێگای شەرعی هاوسەرگیری ئەنجام نەدەن ئەوا بە ڕێگای ناشەرعی حەرام كاری خۆیان دەكەن وەك چۆن ئێستا چەندەها خەڵك توشی ئەم دەردە بوون، دەرمانی دەردی عاشق بوون تەنها هاوسەرگیرییە لە كاتێكدا ڕەنگە هاوسەرگیرییەكەشیان سەركەوتوو نەبێت .

**كەواتە** پێویستە كوڕان و كچان ئاگادار بن لە دەرەوەی خێزان هاوسەرگیری ڕێك نەخەن وە ئەم كارە شتێكی نامۆ و نەشیاوە بە داب و نەریتی كۆمەڵگای ئێمە هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئێمەدا ئەم كارە بووە بە باو لە سەرجەم ناوەندەكانی خوێندن .
وە كە زواجیش دەكەن تەحەمولی ئەرك وماف و ماڵ و منداڵیان نیە دوای جیا دەبنەوە

## هۆكاری دەیەم : سحر و جادوو كردن :

كەسێكی ناحەز دەچێت سحر و جادوی جیاكردنەوە لە پیاوێك دەكات و خێزانەكەی لە پێش چاو ڕەش دەكات وا لێدێت ئەو پیاوە ناتوانێت خێزانەكەی خۆی ببینێت ، خۆیان ووتەنی دەڵێ سەگ و بەراز ببینم تۆ نەبینم، یان ئەم جادووە بەرامبەر بە ئافرەت دەكرێت بە شێوەیەك كە ناتوانێت مێردەكەی ببینێت.

لەكاتێكدا پێویستە هەوڵی چارەسەركردنی ئەم جادوویە بكەن بە ڕێگای شەرعی كەچی تەڵاق و جیابوونەوە هەڵدەبژێرن!.

ئەوەش بزانن ساحر و جادوبازەكان و جنۆكە وشەیتانەكەن زۆر زۆر لاوازن بەرامبەر بە كەسی موسڵمان بەڵام كاتێك تۆ غافڵ و بێ ئاگا بویت لەودوعا و زیكرانەی كە دەتپارێزن ئەو كاتە توش دەبیت ، زیكر و قورئان خوێندن قەڵای پارێزەرە بۆ موسڵمان بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان ئاگایان لەو زیكرانە نیە و ئیهماڵی دەكەن ، وەكو زیكری بەیانیان و ئێواران و پێش خەوتن و لەماڵ دەرچوون و ...وەهەروەها قورئان

خوێندن لەماڵدا بەتایبەت سورەتی بەقەرە ، بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەو شتانە سەیری فلم و دراما زیاتر دەكرێ .

وە سەبارەت بە ڕۆشتن بۆ لای ساحر و فاڵچییەكان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :

هەركەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و پرسیاری لێ بكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێت.

وە هەروەها فەرموویەتی : ((مَنْ أتى كاهِنـًا فَصَدَّقَهُ بِما يقولُ فَقَدْ كَفَرَ بِما أُنْزِلَ على محمد ﷺ))

واتە : هەركەسێك بچێتە لای فاڵچییەك و باوەڕی پێبكات لەو قسانەی كە دەیكات ئەوا بە تأكیدی كوفری كردووە بەو قورئانەی كە دابەزیوە بۆ سەر محمد (ﷺ).

* * * * * *

## هۆكاری یانزەیەم: هەڵە كردن لە دەستنیشان كردن و هەڵبژاردنی كچ دا یان كوڕدا

زۆرێك لە كچانی ئەم سەردەمە جوانییەكەیان دەستكردە لە ماڵەوە جۆرێكە و دێتە دەرەوە دەبێتە گڵۆپ و شەمعە خۆیان ووتەنی! سوێند بەخوا كوڕی وا هەبووە پاش یەكەم شەو كە كچە دەم و چاوی شۆردووە و سوراو و سپیاوی لێبۆتەوە دەست بەجێ تەڵاقی داوە و ناردویەتیەوە بۆ ماڵ باوكی چونكە ئەو ژنە نییە كە لەدەرەوە سەرنجی ڕاكێشاوە بۆیە نایەوێ!

كەواتە هەر كات ویستان كچێك داوابكەن بەیانیان بەر لەخەو هەستان بڕۆن و بیبینن!.

وە سەیر كردنی ئافرەت مەرجێكی سەرەكی یە وە بۆ ئافرەتیش مەرجێكی سەرەكی یە كە كوڕەكە ببینێ بۆ ئەوەی هاوسەرگیرییەكەیان درێژەی پێ بدرێت ئەگینا ئەگەر كچ و كوڕ ڕوی ڕاستەقینەی یەكتر نەبینن ئەوا پاش مارە بڕین و بینینی ڕوی ڕاستەقینە لە یەكتری پەشیمان دەبنەوە و تەڵاق و جیابونەوەی لێدەكەوێتەوە ڕوداوی لەم شێوەیە ڕوویداوە و هاتۆتە بەردەستی خۆمان بۆ چارەسەر كردن.

## هۆكاری دوانزەیەم : تێكەڵاوی كردن كە دەردێكی كوشندەیە لە ناو كۆمەڵگای ئێمەدا

ئەو تێكەڵاوییەی كە لە سەردانە خێزانی یەكاندا دەكرێت، لە بازاڕەكاندا دەكرێت، لە بۆنە و سەیرانگاكاندا دەكرێت، لە ناوەندەكانی خوێندن و فەرمانگە حكومی یەكاندا دەكرێت، ئەم تێكەڵاوییانەش یەكێكە لە هۆكارەكانی زیاد بونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، چونكە پیاوێك كە خاوەن خێزانە بە یەكێك لەو هۆكارانەی سەرەوە تێكەڵاوی ئافرەتانی نامەحرەم دەبێت و سەرسام و كاریگەر دەبێت بە ئافرەتێك جا ئەو كاریگەر بوونە یان بە جوانی دیمەن و ڕوخساریەتی یان بە شێوەی دەربڕین و هەڵس و كەوتیەتی.

ئافرەتی واهەیە بە مەكروناز خۆی نزیك دەكاتەوە و بەشێوازێكی تر خۆی دەنوێنێ ئەمیش لە ماڵەوە خێزانەكەی بەوشێوازە نی یە، ئەو مەكر و ناز و خۆوەبەرۆ بردنەی ئەو لە دەرەوە دەیكات خێزانەكەی ئەوەی پێناكرێت چونكە ئەو لە دەرەوە هیچ ئەركێكی لەسەر شان نی یە بەڵام خێزانەكەی لە ماڵەوە منداڵی بچوكی هەیە، یان حەملی هەیە، یان لە سوڕی مانگانەدایە، یان ماڵ پاك دەكاتەوە، یان خواردن ئامادە دەكات، یان ...هتد، ئەو هەمووە ئەركەی لەسەر شانە بۆی وەك ئەو خانمەی پێناكرێ كە لەدەرەوەیە و هیچ ئەركێكی لەسەر شان نی یە و خەریكی مەكروناز و خۆبردنە پێشەوەیە، كاكیشم لە ماڵەوە داوا لەخێزانەكەی دەكات وەك ئەو ئافرەتە هەڵس و كەوت بكات و وەك ئەو خۆی برازێنێتەوە خێزانیشی ئەمەی پێناكرێ بۆیە كێشە دروست دەبێت و سەردەكێشێ بۆ تەڵاق و جیابونەوە .

## هۆكاری سیانزەیەم: فلیم و دراماكان

فیلمە (كۆری و توركی و ئێرانی)یە دۆبلاج كراوەكان بۆ زمانی كوردی، ئەم فیلمانەش یەكێكە لە هۆكارەكانی زیادبونی ڕێژەی جیابونەوە و تەڵاق، ئەم فیلمانە چەندین شوێنەواری خراپی بەسەر كۆمەڵگای كوردەواریدا بە جێهێشتووە چونكە ئەوان هەریەكەو خاوەن دینی خۆیانن وە جیاوازە لەم دینەی كە ئێمە هەمانە، ئەو داب و نەریت و هەڵس و كەوت و ڕەوشتەی لای ئێمە هەیە لای ئەوان نییە، پیاوێك یان ژنێك هەموو شەوێك تەماشای یەكێك یان هەموو ئەو فلیمە دۆبلاج كراوانە دەكات تا وای لێدێت ئەو فلیمانە كاریگەری دروست دەكەن لە ژیانی ڕۆژانەیدا وە داوا لە هاوسەرەكەی دەكات كە وەك ئەو كارئەكتەرەی ناو فلیمەكە هەڵسوكوت بكات ئەویش ناتوانێت چونكە فلیم دروستكراوە و جیاوازە لە حەقیقەت و ڕاستی ژیانی ڕۆژانە ئەم كاریگەرییە سەردەكێشیێ بۆ تەڵاق و جیابونەوە.

**نموونە:** پیاوێك لەكاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ دەبینیێ یەكێك لە منداڵەكانی ماچی گۆرانی بێژێكی پیاو دەكات كە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكەیانە!

باوكی لە منداڵەكەی دەپرسیێ ئەوە بۆ وادەكەیت؟

منداڵەكە دەڵێ: چونكە دایكم بینیوە وای كردووە!

باوكی كە ئەمە دەبیستیێ دەست بەجیێ خێزانەكەی تەڵاق دەدات و لێی جیادەبێتەوە!.

**ئەمە مشتێكە لە خەرمانێك وە چەندەها كێشەی لەم شێوەیە ڕوویداوە چونكە ئەو فلم و گۆرانییانە كاریگەری خراب بەجێ دێڵێ لەوانە:**

- خیانەتی هاوسەرگیری چونكە ئافرەتی وا هەیە كە دەبینێ مێردەكەی ناتوانێت وەك ئەو ئەكتەرە بێت كە ئەم پێی سەرسامە بۆیە هەوڵی تاقیكردنەوەی دەدات لە دەرەوەی ماڵ! بەهەمان شێوە پیاوی واش هەیە!.
- یان ئاسان كردنی پەیوەندی ناشەرعی و حەرام بەوەی كە دەبینێ لەو فلیمانەدا كوڕێك بە ئاسانی دەگاتە ماڵ كچێك و كچێك بە ئاسانی لە گەڵ كوڕێكدا دەچێتە دەرەوە ئەمیش دێت لاسای دەكاتەوە!.
- توشبون بە داوی عیشق و عاشق بوون بە یەكتر، تامەزۆربوون بۆ یەكتری پاڵ بە شەهوەتی كوڕ و كچەوە دەنات تا دەكاتە كاری خراپ و ناڕەوا چونكە لە حەقیقەتدا ناتوانێت بە ڕێگای شەرعی ئەو شەهوەتەی بەتاڵ بكاتەوە.
- توشبون بە نەخۆشی دەرونی! چەندەها خەڵك هەیە بەهۆی تەماشا كردنی بەردەوامی ئەو فلیمانەوە توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت، توشی گرێ كوێرەی ناو مێشك و دڵ و دەرون دەبێت.
- لاسای كردنەوە و چاولێكەری ئەوان، خەڵكانێك هەن هەموو هەڵس و كەوتی و قسەكردنی و جل و بەرگی و تەنانەت ناولێنانی منداڵەكانی وەك ئەوان دەبێت.

- خراپترین شوێنەواری ئەو فلیمانە بریتی یە لە خۆكوشتن و خۆهەڵواسین و خۆسوتاندن و فراندن و ... هتد، هەموو ئەمانە بەهۆی ئەو فلیمانەوە هاتۆتە ناو كۆمەڵگای ئێمەوە.

تەماشا كردنی ئەو فلیمانە بە ڕۆژێك و دووان كاریگەری دروست ناكات بەڵكو بە تەماشا كردنی بەردەوام دەبیت، بۆیە پێویستە خەڵك وریا و ئاگادار بێت.

ئایا ئەو ڕێكخراوانەی ناویان ڕێكخراوی مەدەنی و مافی ئافرەتانە لە كوێن؟!

بۆ باس لە كاریگەرییە خراپەكانی ئەو فلیمانە ناكەن؟!

بۆ باس لە زیادبوونی هۆكارەكانی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە ناكەن؟!

بۆ باس لە هۆكارەكانی زیادبوونی خۆكوشتن و خۆهەڵواسین و فراندن ناكەن؟!

بۆ چی هەوڵی تەواو نادەن بۆ دەستنیشان كردن و چارەسەركردنی ئەو كێشانەی ڕووی لە كۆمەڵگای كوردی كردووە؟!

پێویستە خەڵكانێك لە مامۆستایانی ئاینی، خوێندەوار و ڕۆشنبیران، پیاوماقوڵ و ڕیش سپییان، كەسایەتی سیاسی و بەرپرسان، كەسانی چاكەخواز و ئەوانەی حەز بە ئاشتەوای كۆمەڵگا دەكەن، ... هتد، پێویستە هەموو ئەمانە بێنە دەنگ و سنورێك دانەن بۆ ڕێگری كردن لەو هەموو خراپەی ڕوی لەم كۆمەڵگەی كوردەواری یە كردووە وە دانانی بەربەستێك لە بەردەم ئەو هۆكارانەی سەردەكێش بۆ دروستبوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان، ئەگینا لافاوێك بە ڕێوەیە ئەگەر بگات ئێمەشی هەموومان ڕادەماڵێ (خوا پەنامان بدات).

## ووتەی كۆتایی :

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی بە خێزان دەدات و نایەوێ خێزانەكان لەیەك هەڵبوەشێننەوە و شیرازەی خێزان تێك بچێ هەر بۆیە سزای قورسی داناوە بۆ ئەو ئافرەتەكەی كە بە بێ هۆ داوای تەلاق و جیابونەوە دەكات چونكە زۆریك لە ئافرەتان پەلە وهەڵەشەن لە داواكردنی تەڵاق لە مێردەكانیان و مێرد ناچار دەكەن كە خێزانیان بە تەڵاق دا بدەن .

**بۆ نمونە** : كاتێك كێشەیەكی بچوك دروست دەبێ، یان كاتێك ئەو پارەوماڵەی كە دەیەوێ پیاوەكەی پێ ی نەداو بۆی دابین نەكات، ئەوا دەست بەجێ داوای تەڵاق دەكات.

* وە زۆر جار پێ دەچێ لە لایەن كەسوكاری ئافرەتەكەوە یان دراوسێ یەكانیەوە هانبدرێ و پاڵی پێوە بنرێ .

* وە زۆر جار ئافرەت لە ڕووی پیاودا دەوەستێ و بەرامبەری لێ دەگرێ و لێی ڕاست دەبێتەوە بە كۆمەڵێك ووتەو قسەی كاریگەرو هەستیار كە دەماری پیاو دەگرێ و تورەی دەكات وەكو دەڵێ ئەگەر پیاوی تەڵاقم بدە.

* وە شتێكی زانراوە كە تەڵاق و جیابونەوە و لێكدابڕانی پیاو وئافرەت بەڵاو نەگبەتی زۆری لێ دەكەوێتەوە، شیرازەی خێزان دەپچڕێ و ئەتك دەبێ و، وە مناڵ پەرتەوازە و بێ سەروبەر دەبێ ، وە زۆر جار پەشیمانی لەدوادێ، بەڵام پەشیمانی سودێك نابەخشێ .

ئا ئەمانە و چەندەهای تریش حیكمەت و كار لەجێی شەرع دەردەخات، كاتێك كە داواكردنی تەڵاقی حەرام كردووە.

«سوبان» لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم دەیگێرێتەوە كە فەرموویەتی:

[ أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاقَ مِنْ غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ].

« هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لە مێردەكەی خۆی بكات بەبێ بیانویەكی شەرعی، ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە »

«عقبە»ی كوڕی«عامر» لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم دەیگێرێتەوە كە فەرموویەتی:« ئەو ئافرەتانەی داوای (خلع) جیابونەوە دەكەن بەبێ بیانوی شەرعی ئەوانە موناففقن»

بەڵام ئەگەر هۆكارێكی شەرعی هەبوو بۆ ئەوەی ئافرەتەكە داوای تەڵاق و جیابونەوە بكات، وەكو ئەوەی پیاوەكەی وازی لە نوێژ هێنابێ، یان عارەق خۆربێ، یان بیەوێ بە زۆر خێزانەكەی توشی كاری حەرام بكات، یان زوڵم و ستەمی لێ بكات بە لێدان و ئازاردان یان ئافرەتەكە لەمافە شەرعیەكانی خۆی بێبەش بكات، وە نەسیحەت و ئامۆژگاریش سودی نەبوو، وە هیچ ڕێگەیەك نەئەبینرا بۆ چاك بوونی، ئەوا ئافرەتەكە هیچ تاوانی لەسەر نی یە و گوناهبار نابێ كە داوای تەڵاق لە مێردەكەی بكات، بۆ ئەوی خۆی و دینەكەی سەلامەت بێ و دوچاری تاوان و خراپە نەبێ .

**وە هەروەها بۆ پیاوانیش تەڵاق دانی ژن بە بێ هۆکارێکی شەرعی تاوانە و زوڵم کردنە لەو ئافرەتە**

سەبارەت بەو کێشانەی کەلەماڵدا ڕوو دەدەن پێویستە پیاو زۆر بەئارام بێت ، و کەلیمەی تەڵاق بەزمانیدا نەیات ، چونکە لەو حاڵەتەدا خۆی یەکەم زەرەرمەند دەبێت ، و زیان بەمنداڵ و خێزانیشی دەگەیەنێت ، وسەر گەردان دەبن ، هەر بۆیە پێویستە لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا نەرم بێت ، و بەئارام بێت لەگەڵیان خواش ئامۆژگاریمانی کردووە کە بەو شێوەیە بین کە وەسفی کردووە لەم ئایەتەدا : ( وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ) واتە : ئەو کەسانەی ڕقی خۆیان دەخۆنەوە و لەخەڵك دەبورن ، و خودا کەسانی چاکە خوازی خۆش دەوێت .

کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گوتی « أوصني ، قال: لا تغضب، فردد مرارًا ، قال : لا تغضب »

واتە : ئامۆژگاریم بکە ، فەرمووی : تورە مەبە ، چەند جارێك دوو بارەی کردەوە ، هەر پێی دەفەرموو : تورە مەبە .

**جا بە كورتی ئەگەر بمانەوێ ماڵ و خێزانمان قایم و بتەو بێ ، تەلاق و كێشە و ئاژاوە لە ماڵمان دوور بێ دەبێ :**

١- دەست بگرین بە دینەوە و گرنگی بە عیبادەتەكان بدەین و ژن و پیاو حەق و مافی شەرعی یەكتر بزانن .

٢- بە هیچ شێوەیەك خیانەت لەیەكتر نەكرێت .

٣- ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێردا هەبێت و زۆر گرنگی بە یەكتر بدەن .

٤- هەر كێشەیەك هاتە پێشەوە بە هێمنی و لەسەرخۆیی حلی بكەن و ژن پەنا نەباتە بەر تۆران و بڕواتەوە ماڵی باوكی و پیاویش نابێ یەكسەر تەلاقەكەی لەسەر زمان بێ .

٥- ژن و پیاو لە خوا بترسن و سەیری ئەو فلم و درامایانە نەكەن كە شیرازەی خێزان تێك دەدات .

٦- ئاگامان لە كچ و كوڕەكانمان بێ و عیلاقەی ناشەرعی نەبەستن چونكە ئاكامەكەی سەرشۆڕیە بۆ هەردوو لا .

٧- كە پیاوێك ویستی ژنی دووەم بێنێ ژنی یەكەم یەكسەر داوای تەلاق نەكا .

٨- ئاگامان لە تێكەلاوی بێ بەتایبەت لە كاتی سەردانی ماڵی خزم و كەسوكار و ژن و پیاو بە یەكەوە دانەنیشن .

٩- وە دەبێ ژن و پیاو زۆر گرنگی بدەن بە زیكر و قورئان خوێندن بۆ ئەوەی ئەگەر ناحەزێك سحری لێیان كرد هیچ كاریان تێ نەكات .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله و صحبه وسلم.